# مەرامێك بۆرەوایەتی وسەركوت دەگەڕێ

جەمال كۆشش، ٢٠٠٢/١٢/٢٩
Raza-hasan@bluewin.ch

بەندی یەكەم : رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لەپرۆسەی گۆڕیندا:

ئەندامانی كۆنگرە رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی بەهەموو لایەن وریێكخراوە جۆراوجۆرەكانیەوە بەپاڵپشتی جەماوەری گەلەكەمان لەسەرتاسەری عیراقدابەرۆڵێكی سەرەكی وبنەڕەتی لەپرۆسەی گۆڕاندا دادەنێ ورۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەتەواوی قۆناخەكانی پرۆسەی چاوەروانكراوی گۆریندابەجۆرێك كە لەگەڵ هەلومەرجی مەیدانی وتوناكانیدا بگونجێتبە رۆڵێكی سەرەكی دەزانێت.

چەمكە سیحراوییەكەی ( (ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی) ) لێرەدا، بە هەڵگەڕاوەیی بەكارهاتووە، هەڵگەڕاوەیە بۆ ئەوەكە ئەوە بەشدارانی ئەم كۆنگرەیەن ریزی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی دیاریدەكەن. وە ئەوە بەمانایەك كە دەكرێ بووترێ تەنها خۆیانن ( (ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی) ) . بەڵام گومانێكی قووڵ كە بووە بە گرێیەكی وواقعی بۆ بوونیان، لەتەواوی بەشداربووان كە ( (ئایا ئێمە ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانین) ) ، یان بەرەی ( (دژە شۆڕش) ) ین؟لەروانگەی بەرژەوەندی خەڵكی عیراق وئنسانیەتی پێشكەوتنخوازەوە، كە بزووتنەوەی دژی شەڕ بەفراوانی جیهانی داگرتووە، پرسیارێكی واقعی ومێژوویيە بۆ سیاسەتی ئەم كۆنگرەیە. یەكەمین بەند، دەیەوێت ئەم گومانە بەخێرایی بەرێ بۆ چاڵەكانی دڵنیایی، داڕێژەرانی ئەم بەیانە سیاسیە كەزەمانێكە خەریكی سازدانی بەرەی جۆراوجۆری دژەشۆڕشن، ئەو لەباقەتە ڕستەسازییەیان هەیە، كە فیل بەكونە دەرزیدا بەرن!!. بەڵام فیلەكە، ئافریكایی نیە، ئەو فیلە هیندییە نەتوانراوناتوانرێ بەسەر ووردبینی خەڵكیدا تێپەڕێ!!. بۆ پرسیارێكی واقعی نەبێت كە بەئاشكرا لە ژێر چاودێری CIA دا بەرێوەببرێ، وەفیق سامەڕائی و. . . تیا بێت؟ هەرچی كۆنەبەعسی وپیاوكوژو موجریم، ناسیۆنالیست وكوێخاومەلاو كۆنەپەرستی تیا بێـت. ئەمانە كەی بوون بە ( (ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی) ) ؟.

پاشئەوەی كە ڕەوایەتیەكیاندا بە ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی خۆیان، وە لەبۆچوونی خۆیاندا شەرعیەتییان دا بە بوونیان و چالاكیەكانیان، ئەوسا مەسەلەی ( (جەماوەریگەل) ) و (پرۆسەی گۆڕانی چاوەروانكراو) ) دێتەناوەوە. ڕۆڵی ئەم ئۆپۆزسیۆنە لەم ناوەندەدا یانی لەنێوان جەماوەر–ئۆپۆزسیۆن نیشتمانی–پرۆسەیگۆڕان، مەبەستەكە بەتەواوی گەلاڵە دەكات. بەمانایئەوەی لەقۆناخە جیاوازەكانی پرۆسەی گۆڕاندا كە ئیحتمالی هەموو جۆرە رووداوێك هەیە، ئامادەییەكانی ئەم ئۆپۆزسیۆنە بۆ داگیركردنی شۆڕش بەرنەسەر، نەخشەوپلانەكان دابڕێژن. بەرگرتن بەهەڵتەكاندنی پایەكانی سەركوت، بەرتەسكردنەوەی ماناكانی ئازادی وئاڵوگۆڕ لەپرۆسەی گۆڕانی چاوەروانكراو لەبەرژەوەندییەكانی هێزە بەشدارەكانی سەرەوە، بەشداری جەماوەر لەمەیداندا وەك كەرەسەیەكی شەڕ وقوربانی، بەشدابوونی لایەنەدامەزراوەحزبیەچەكدارەكان وەك هێزی ئاراستەكەروئاڵوگۆڕدەرو بڕێنەرەوەی دەستكەوت وخەسارەتەكان وشانۆگەرییەكە، وە تەنانەت لەم سیناریۆیەدا، هەموو قوربانیەك بەمانای دەستكەوت نیە وهەر جۆرە یاخیبوونێك وسەركێشیەك لەنێو پرۆسەی گۆڕاندا، لەریزی ئەم ئۆپۆزسیۆنە بەناو نیشتمانیە بەكارهێنانی سەركوت، پێشبینیكراوە. پەراوێزكردنی ڕۆڵی واقعی جەماوەر لەپرۆسەی گۆریندا كە هەر ئێستادا لەخەباتدایە بۆ روخاندنی حكومەتی بەعسی، وەكردنی بەئامرازی جێبەجێكردنی ئەوامرەكانی ژەنراڵەكان. دابەشكردنی دەستكەوتەكان بەپێی بەشداری وتواناییەكانی لایەنەكان بەدوور لەبەرژەوەندی خەڵك. ئەمە ئەو نیازەیە لەسۆراخی دابۆ رەوایەتی نامێنێتەوە، پەلوپۆ دەهاوێ بۆ بەدەستهێنانی كارتی روخسەتی بەكارهێنانی چەكیش. ئەمە ئەو ئۆپۆزسیۆنانەن لەبەرەی دژی صەدام، كوشتار لەشۆڕش دەكەن. ئەوانە بازرگانانی خوێنن، هیچ هاوبەشیەك لەنێوان ئامانجەكانی گەل، بڕیارەكانی ئەم كۆنگرەیە نیە.